# هەڵسەنگاندنی هونەریی حەسەن زیرەک: سەلاح ڕەئووف

**پ١/دۆخی قورگ شێوازی دەنگی زیرە؟**
و: سەلاح ڕەئووف:
زۆر بەداخم من وەکو موزسیانێکی کورد لە نزیکەوە بەناسینی ئەم کەڵە سەرچاوە بە تواناو وزە بەرزەی بواری هونەری سازو ئاوازی نەتەوەکەم ئاشنا نەبووم، بەڵام خۆش بەختانە دەنگەکەی ئەوەندە لەبارو سەیێنەرە کە وای لێ کردم ئەو دەنگە ببێتە سەرچاوەیەکی مەزن بۆ خۆشم و هونەرەکەشم.
بەهۆی زۆر گوێ گرتنم لە دەنگی زیرەکی نەمر، بە تۆمارکراوە دەنگیەکانی سەر کاسیت و بڵاوکراوەکانی ڕادیۆو جۆرەکانی تری دەنگ تۆمار کردن ئەم زانیاریانەم لا ئاشکرا بوون:
زیرەک توانایەکی دەنگی و هونەری پڕ بایەخ ئاست بەرزی هەبوو، شوناسێکی گەورەی بۆ دەنگی خۆی پێناسەکردووە کە هەموو کەس ئەیزانی ئەوەدەنگ و مۆرکی ڕەسەنی زیرەکی کوردستانە.
ب- تواناو ئاست بەرزی ئەوەدەنگە نەمرە بۆتە پێناسەیەکی گەورەی هونەری سازو ئاوازی کوردی لە دەنگە مەزنەکانی بواری هونەری سازو ئاوازی کوردی هەژمار ئەکرێت.

**پ٢/ چەشنایەتی دەنگ (تینۆر، یا ...؟)**
و: سەلاح ڕەئووف:
تواناو مەودای دەنگی زیرەکی نەمر زیاتر لە بوارەکانی چینەدەنگیەکانی (تینۆر و باریتۆن) دا بەکار ئەبرد، هەرچەندە لە چڕینی هەندێ ئاوازیشدا لەو ئاستانەش تێ ئەپەری بەرەو سەروتر و خوارتریش.

**پ٣/ ڕادەی توانای دەنگەکەی (ڕادەی سەرکەوتوویەکەی لەو بوارەدا)**
و: سەلاح ڕەئووف:
وەکو هەموومان ئەیزانین، ڕادەی توانای زیرەک لە چڕینی ئاوازەکاندا بێ سنوورە، لەهەموو چڕینێکیدا سیمای نوێ بونەوە و ئاست بەرزی پێوە دیارە، بۆیە بەڕای من دەنگی زیرەک سیمایەکی تری زۆر ناوازەی پێوەدیارە کە بەپێچەوانەی ئاواز چڕەکانی تردێت، ئەویش ئەوەیە بۆ زۆربەی گۆرانی بێژان ئەڵێین دەنگی زۆر کوردیە، ئەم خەسڵەتە لای زیرەک جگەلەوەی کە هەمان ئاستدا باڵایە، ئەتوانین بشڵێین کە مۆرکی ڕەسەنی کوردی بە چڕینەکانی زیرەک پێناسە ئەکرێن.

**پ/٤ توانای گوتنی گۆرانیی بێ مۆسیقای تا چ ڕادەیەک بووە؟**
و: سەلاح ڕەئووف:
یەکێک لە خەسڵەتە سەرکەوتوەکانی زیرەک لە بێژانی مەقامەکان ( واتا ئاوازە ڕیتم سەربەستەکان) دا، ئاوازەکانی بە توانای خۆی بەرجەستە ئەکرد و ئەبوایە ئامێرژەنەکان دوای چڕینەکانی ئەو بکەون، بەدەگمەن دوای ژەنینی ئامێرەکان ئەکەوت،هەرچەندە یەک ڕاستیش هەیە کە هەندێ جار کەمانژەنی ناوداری کورد (موجتەبای میرزادە ) وای لی کردوە کە زیرەک دوای ژەنینە پڕچێژەکانی میرزادە بکەوێ.

**پ ٥/ ڕادەی ناسیاو بوونی لە مەقاماتی مۆسیقا یان دەزگا مۆسیقاییەکان؟**
و: سەلاح ڕەئووف:
لێرەدا ئێمە تەنها بەبیستنی چڕینەکانی ئەتوانین ئەو وەڵامە دەستەبەر بکەین، لەبەر ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری زانستی ئەو کەڵە هۆزانێژە نەبوین، بەڵام گەر بەوردی گوێ لەکارەکانی بگرین بۆمان دەرئەکەوێ کە زیرەک خاوەنی توانایەکی بە شکۆ بووە لە چڕینی مەقامەکان و بگرە بەستە جیاوازەکانیشدا،زۆر جار پەیژەمۆسیقای جیاوازی بە بەستەو مەقامیش بەدوای یەکدا ئەچڕی، کە ئەمە کاری کەسێکی زاناو

بەهرەمەندە لە بواری مۆسیقادا،بۆیە ئەشێ ئەو هەڵە لەدەست خۆمان نەدەین، تا کارە هونەریەکانی ماون لە سەر کاسیت و سێ دێ و بگرە جۆرەکانی تری تۆمارکراو، لەلایەن کەسانی زاناوە بکرێنە نۆتەی مۆسیقا بخرێنە سەر کاغەز، بۆئەوەی تا ئەبەد لە فەوتان ڕزگاریان کەین

**پ٦/ ئایا:**

- **لە ماوەی ژیانی هونەریی خۆیدا لە سەر ڕادیۆ بەغدا،**
- **لە ڕادیۆی تاران و کرماشان،**

**لە دەرەوەی ڕادیۆ فەرمییەکان،**
**زیاتر هۆگری مەقاماتی عوسمانی بووە، یان بەلای دەزگاکانی مۆسیقای ئێرانیدا شکاندۆتەوە؟**

و: سەلاح ڕەئووف:
وەکو باسم کرد، زیرەک کەسایەتیەکی هونەریی باڵای کوردە و مۆرکی ڕەسەنی کوردی پاراستووە،بگرە نەک کەڵکی لە هونەری بێگانە وەرنەگرتووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە زۆر ساتدا کە هەندێ ئاوازی بیانی لاخۆش بووە بەوەدەنگە ناوازە کوردیەی خۆی چرپویەتی و بەرگ و مۆرکی ڕەسەنی کوردی کردووە بەبەریدا ، نموونەش بۆ ئەم بابەتە زۆرە لەوانە گۆرانی (غنی لی شوی شوی ) عەرەبی ئەم نەک مۆرکەکەی گۆڕیوەتە سەر مۆرکی ڕەسەنی کوردی وشەکانیشی کورداندوە، بەگوێ گرتن لە گۆرانی ( بۆم بڵێ تۆزە تۆزە) ئەم ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا ئەبێ.
هەروەها گۆرانی ئازەربایجانی زۆری کورداندوە وجگە لە ئاوازەکەی ووشەکانیشی هەر کورداندون.
ئەم کردارەشی بەتەواوی پێچەوانەی ئەو ئاوازچڕانەیە کە ئاوازی کوردی بە لاڕێی سۆزی عەرەبی یان تورکی یان فارسیا ئەبەن.
گەواهی ئەم باسکردنەش ئەوەیە کە لە ڕادیۆی بەغداد کاری کردوە کە زۆربەی ژەنیارەکان عەرەب بوون و لە ئیستگەی تارانیش کە زۆربەی ژەنیارەکان فارس بوون، بەڵام نەیانتوانیوە دەنگە کوردیەکی زیرەک بەلاڕێ دابەرن و تا لە چێژی کوردەواری دوری بخەنەوە.

**پ٦/ چەندە شارەزای مەقامە کوردییەکان بووە؟ زیاترکام مەقامی کوردیی ناسیوە و گوتوویەتەوە؟ ئایا ئەو مەقاماتە کوردییە لە ناو مەقام یا دەزگاکانی مۆسیقای عوسمانی و ئێرانیدا دەگونجێن یا لەوان جیاوازن؟**

و: سەلاح ڕەئووف:
توانای چڕینەکانی لە بەستەو مەقامەکانیشدا ئەو ڕاستیەمان بۆ ئەسەلمێت کە زیرەک دانابووە لە بەکار بردنی مەقامە کوردیەکان، من نامەوێ بچمە ئەوباسە سەرلێ شیواندنەی کە نازناوی دەستگاو شتە ئێرانیەکانی تیا ئەکرێ.
بەبۆچونی من ئاوازی مۆسیقا دوجۆرە.
-١ بەستە واتا ئاوازێکی ڕیتم دار و خاوەنی پەیژە مۆسیقای خۆیەتی.
-٢مەقام کە ئاوازێکی ڕیتم سەربەستەو خاوەنی پەیژە مۆسیقای خۆیەتی.
جا بەهۆی نەزانین و زیاد وتنی هەندی لە وکەسانەی لەبواری مۆسیقا دا کاریان کردووە ، هەریەکەیان بە بۆچونی خۆی چەند ناوێکی هێناوەتە ناو باسەکانی مۆسیقای کوردی کە بونەتە هۆکاری سەرلێ شێواندنی خەڵکی گوێگر . بۆیە ئەڵێم تا بتوانین خۆمان لە زۆرو بۆریە و بێ مانایە بەدور بگرین زیاتر سەرکەوتوئەبین لەخەملاندنی کارەهونەریەکانماندا.

دوباره ئەڵێم توانای دەنگی زیرەک ئەو شارەزاییە بەرزەمان پیشان ئەدا کە چەند بەجوانی نمایشی ئاوازە مۆسیقایەکانی کردووە لە بەستە و مەقامیش، ئەمەش بەهۆی توانا بێ سنورەکەی بوو لە بواری زمانی سازو ئاوازدا.

**پ٨/ لە ماوەی گۆرانی گوتنەکانیدا، چەندە لەسەر مەقامە مۆسیقاییەکە پێداگر بووە و پاراستوویەتی و چەندە لێی لاداوە و بە لارێدا ڕۆیشتووە؟**

و: سەلاح ڕەئووف:

بەڕای من تواناو کارامەیی زیرەک لەوەدا دەرئەکەوێ کە زۆر زیرەکانە و بوێرانە گۆڕانکاری لە بێژانی مەقامەکاندا کردووە، و ئەشێ بڵێین کە خاوەن داهێنانێکی گەورەیەلەم بوارەدا، ئەم کردارانە بە شیکردنەوەی کارەکانی زیاتر بەرجەستە ئەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ڕون و ئاشکرایە کە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بێژانی مەقامەکانا کردویەتی، گەر شێتەڵ بکرێت و بەشێوازی زانستی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت دەرئەکەوێ کە میللەتی کورد بە هوی زیرەکەوە خاوەنی گەنجینەیەکی هونەری سازو ئاوازی مەزنە.

**پ٩/ چەندە شیعری گۆرانییەکانی کردۆتە قوربانیی پاراستنی مەقامە مۆسیقاییەکە یا پێچەوانەکەی؟**

و: سەلاح ڕەئووف:

وەکو باسمان کرد زیرەک کەسایەتیەکی زیرەک بوو، بۆیە بەبیرو بۆچونی خۆی هەندێ جار وشەکانی جێ گۆڕکێ پێ ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا نەی ئەهێشت ببێتە گۆڕینی واتای هەڵبەستەکە، ئەم دیاردەیە لەزۆر دانیشتنەکانی ماڵەکاندا مەزنە ئەکرێ و ئەمەش دۆخێکی تری بەرزی ئاستی چڕین و وتنی ئاوازو هۆنراوەکانە.

**پ١٠/ بە گشتی، لایەنی مۆسیقایی کارەکانی زیرەک چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و: سەلاح ڕەئووف:

من زۆر دەمێکە وتومەو ئەشڵێم ئاوازو وتنەکانی زیرەک پێناسەیەکی بەرزی هونەری سازو ئاوازی کوردییە، بۆیە هەردەم ئەڵێم، چڕینی ئاوازەکان لای زیرەک وەک قوتابخانەیەکی پێناسەی هونەری کوردی هەژمار ئەکرێت.

**پ-/ ئەگەر لە دەرەوەی ئەم پرسیارانە، بابەتی تر شک دەبن، کە بە دڵنیایی دەبێ ببێت، تکا دەکەین باس لەوانیش بکەن.**

و: سەلاح ڕەئووف:

ئەوەی بۆ من زۆر گرنگە کە لەسەری بدوێم و بەگرنگیش باسی بکەم، ئەوەیە کە ئەشێ هەمومان ئەو ڕاستیە بزانین، کە ئەو کارەمازنانەی زیرەک و هاو شێوەکانی کردویان ، تائێستاش بەهۆی تۆمارکردنی دەنگو مۆسیقاکانیان لە سەر کاسێت و سێ دێ و چەند جۆرێکی تری تۆمارکردن ماونەتەوە، بەڵام شتێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش هەوڵدانە بۆ بە نۆتەکردنیان، و ڕزگارکردنیان لە فەوتان، جوانترین بەڵگەش ئەوەی ئێمە گەر بەهۆی نۆتەی کارەکانی هونەرمەندە گەورە جیهانیەکانی وەک و مۆتزارت و بیتهۆڤن، کە هەر یەکەیان خاوەنی خەرمانەیەکی گەرەی کاری هونەرین، بەڵام پاراستنی کارەکانیان و گەیشتنیان بە ئێمە تەنها بەهۆی بەنۆتەکردنیانەوە بوو، بۆیە داواکارم خوازیاریشم کە ئەم هەلە لەدەست خۆمان نەدەین و هەوڵ بدەین کارەکانی ئەوکەڵەهونەرمەندانە بخرێنە سەرکاغەز تا لەفەوتان ڕزگار بکرێن، نەوەکانی داهاتومان لەسەر ڕێگەو ئەو ڕێبازە جوانانەی هونەری نەتەوەکەمان بەردەوام بن و پەرەی پێ بدەن، تا ئێمەی نەتەوەی کوردیش شان بەشانی میللەتانی جیهان ببینە خاوەنی هونەرێکی ڕەسەن و پر شکۆی کوردی.

سەڵاح ڕەوف
ئەپڵدۆرن – هۆڵەندا
٠٠٣١٦٤١٣٧٤٧٧٩
مانگی شەشی ٢٠٢١

* ئەم وتووێژە بە بۆنەی سەد ساڵەی حەسەن زیرەک، لە لایەن ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات/بۆکان-وە ئەنجام دراوە.